

# ڕۆژنامە پەیک

## نامەیەکی د. محەمەد کەمال بۆ سەروەت سەوز

لە ژمارەی ئایندەی پەیکدا نامەیەکی د. محەمەد کەمال دەخوێنیتەوە کە لەتاراگەوە بۆ هونەرمەند سەروەت سەوزی ناردووە.

١٠

هەفتەنامەیەکی فەرهەنگییە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە دەریدەکات
ژمـارە (115) یەکشەممە 2007/12/9

## هیوا قادر پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لە سلێمانی دەکاتەوە

**چۆمان ئەبوبەکر**

ڕۆژی ١٢/١٠و ڕۆژانی دوایی بەڕێوبەرایەتی هونەری شێوەکاریی، پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ هیوا قادر-ی شاعیر لەگەلەری مۆزەخانەی لەسلێمانی دەکاتەوە، ئەم پێشانگایە ١٥ کاری قەبارە جیاواز لەخۆی دەگرێت. لەبارەی پیشانگاکەوە هیوا قادر بە پەیک-ی ڕاگەیاند: «فۆتۆکانی ئەم پێشانگایە قەبارەیان گەورەیەو ٧٠بە١٠٠ دەبن‌و بریتین لە پۆترێت‌و چەند دیمەنێکی ڕێپۆرتاژیی کەسەرجەمییان لە ولاتی سوید چاپکراون».



## هەردوو ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانی‌و کوردستان دەچنە کۆریا

**موحسین یاسین**

هونەرمەندی موزیکژەن ئامانج غازی، بەرێوەبەری هونەری موزیک لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەسەر پێشنیازی بەرێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن، بەنیازین خولێکی ڕاهێنان لە بوارەکانی (ڕابەرایەتی-ئامێرەکان) بۆ هەردوو ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانی‌و کوردستان بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ لە ولاتی کۆریا ساز بکەین.

هەر لەم مانگەشدا لە شاری هەولێر فێستیڤاڵی زریان بۆ گۆرانی و موزیک لەلایەن هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان‌و عێراقی فیدراڵ ساز دەکەین کە زیاتر لە ٩٠ هونەرمەند بەشداری تێدا دەکەن. بەنیازیشین لەپەراوێزی فێستیڤاڵەکەدا پێشبرکێیەک بۆ ئامێری عود ساز بکەین کە ١٨ ژەنیاری بەتوانا تیایدا بەشداردەبن».



## نەزەند بەگیخانی سەرجەم شیعرەکانی لە کوردستان چاپدەکات



**هۆگر کەمال**

(زەنگۆڵی وتن) ناوی کتێبێکی شیعرییە کە سەرجەم شیعرە بلاوکراوەو بڵاونەکراوەکانی نەزەند بەگیخانی لەدووتوێی ١٧٧ لاپەرەدا لەخۆدە گرێت‌و چاپخانەی ڕەنج چاپی دەکات. ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٦ بەزمانی ئینگلیزی لە لەندەن چاپکراوە، جێی یادهێنانەوەیە دیوانە ئینگلیزیەکە لە بەریتانیاو ئەمریکا پێشوا ز ییە کی بەرچاوو باشی لێکراوەو چەند شیعرێکی لە چەند ئەنتۆلۆژیایەکی شیعرییدا لە بەریتانیا چاپکراونەتەوە.

لگەڵ ئەم کتێبەدا CD یەکی شیعری تۆمارکراو بەدەنگی شاعیر خۆی بلاودەبێتەوە کە لەمۆسیقای بەرزان یاسین‌و مستەفا ئامێدیفەردەو لە ستۆدیۆی گۆڵدن سۆنگ لەپاریس لەلایەن خافێر مارکاستێل-وە مۆنتاژکراوە.




## عەبدولموتەلیب عەبدوللا لە پێنج کتێبی نوێدا



**فەرمان عەبدولرەزاق**

نوسەرو وەرگێر عەبدلموتەلیب عەبدوللا ئێستا سەرقالی نوسینی کتێبێکە بە ناوی (شەری زمان)لەبارەی ناوەرۆکی ئەو کتێبەوەنوسەر بە پەیک-ی ڕاگەیاند «بابەتەکانی زۆربەیان بابەتی شیعرین بەشێوەیەکی گشتی دووبەشە، بەشێکیان لەسەر ئەزموونی شیعری هاشم سەراجەو بەشەکەی تریش خوێندنەوەیەکە بۆ قەسیدەیەکی ئیسماعیل بەرزنجی لەگەل قەسیدەیەکی چۆمان هەردی» جگە لەم کتێبە نوسەر ئێستا چەند کتێبێکی لەژێر چاپدایە لەوانە (عەقلی شیعری ) کە سێ چاوپێکەوتن و سێ لێکۆلینەوەیە لەسەر شیعرەکانی خەزعەل ئەلماجیدی کە دەزگای سەردەم بەچاپی دەگەیەنێت، هەروەها کێبێکی تر کە چاوپێکەوتنێکی فیکری و ئەدەبیە لەگەل ئەدۆنیس دەزگای موکریانی چاپی دەکات، ئەمانەو کتێبی (ئەی ڕەقیب لەنێوان جەستەی زمان و جەستەی نەتەوەدا) کە ئێستا لەژێر چاپدایەو لەخانەی چاپو پەخشی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی دەکات ، دواهەمین کتێبیشی (نوسین و سێکس گەرایی )یئێستا لەدەزگای وەرگێران لە هەولێر لە ژێر چاپدایە.